Kurde

رانەدان، شانسیان زیاترە بۆئەوەی پێناسەی پەنابەری وەربگرن لەو کسانەی لەدەرەوەی ئەوسەنتە رانەدا دەژین.ئو سەنتەرانە ئێستە زۆربەیان پڕوو قەپاتن بۆیە وەرگرتن زەحمەتە.بۆ ئەوەی زانیاری و شوێنتان دەستکەوێت پەیوەندی بەڕێکخراوی پاڵپشتی پەنابەرانی گەڕەکی دەهەمی پاریسەوە بکەن دەتوانن پەیوەندیان پێوەبکەن وبیان بینن هەمو ڕۆژانێکی شەمە کاتژمێری **14،30** للە پارکی گاردو لێست..نانیشانەکەی بەفەرەنسی

Square Alban-Satragne(Parc Gare de l'Est) Paris 10e

-تەندروستیی و نەخۆشی:کە کارتی زەردتان وەر گرت ،یەکسەر خزمەتگوزاری تەندروستیتان هەیەو بەخۆڕاییە(خەستەخانە،دکتۆر،دەرمان..هتد) بۆئەوەی ئەو خزمەت گوزاریەت هەبێت موراجەی ئەو ناونیشانەی خوارەوە بکەن.ئەوەی یەکەم ناوی خزمەت گوزاریکەیەو ئەوی دوهەم ناونیشانەکەیە.بەو یارمەتیەش دەڵێن پارێزگاری خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتی.

1-CMU..couverture maladie universelle

2-SSAE.18rue,Auguste-Perret,75013 Paris.métro Tolbiac.ligne 7

-بۆئەوەی بەنیوە قیمەت تکت(بلیت)هاتوچۆی گشتی بکڕن:ئوانی کەکارتی پارێزگاری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیان هەیە کە پێی دەڵێن(سێ،ئێم،ئیو)دەتوانن بەنیوە قیمەت تنتی میترۆو پاس و قیتاری پاریسو نزیک پاریس بکڕن.تەنها تکت بەدەستەو بەدانە شمول دەکات یەعنی ناتوانن کارتی مانگانەو هەفتانە بکڕن.بۆ ئوە ئەم خزمەت گوزاریەت دەستکەوێت:

**1**-تەلەفۆن بکەن بۆ ئەو ژمارەیە**0810712712**.ناوو ناونیشانی خۆتانی بدەنێ،ئیستیماریەکتان بۆ دەنێرن بۆ ناونیشانەکەت.

**2**-ئیستیمارەکە پڕبکنەوەوبینێرنەوە لەگەڵ فۆتۆکۆپی کارتی(سێ،ئێس،ئیو)ەکەتان و زەرفێک بە پومێکی بەریدەوە.

**3**-کارتی سۆلیداریتێی هاتوچۆتان پێدەگاتو ڕەسمێکی خۆتانی لێبدەن.

**4**-هەرکاتێک وویستان تکت بکڕن دەبێت ئەو کارتە پیشان بدەن.

## پێناسەی پەنا بەری:

گەر وەڵامی ئۆفپرا پۆزەتیف بێت ئەوا پێناسەی پەنابەری وەردەگرن ولەو ڕێگەوە هەقی کارتی **10** ساڵەتان هەیە،ئەوکارتەش هەر دە ساڵ جارێک تازەی دەکەنەوە و مافی کارکردنتان دەداتێ لە فەرەنسا..گەر ئۆفپرا فاییلە کەتان ڕەفز بکات،بە نامەیەک ئاگارتان دەکات و هۆی ڕەفزەکەش دەنووسێ.لە ڕۆژی وەرگرتنی ئەونامەیەوە **30**ڕۆژتان هەیە بۆ ئیعتراز کردن لەو بڕیارە لەلای (**کۆمیسیۆن دو ڕوکور دێ ڕفیوجیێ**)(سێ،ئێر،ئێڕ) لەوناونیشانەی خوارەوە

CRR 94138 Fontenay-Sous-Bois cedex

دەبێت ئیعترازەکەتان لەگەڵ فۆتۆکۆپی نامەی ڕەفزەکەی ئۆفپرا بەشێوەی نامە لەگەڵ پسوڵەی گەیشتنەوە بنێرن.لە بەردەم ئەو کۆمیسیۆنەدا زیاتر شانستان هەیە پێناسەی پەنابەری وەرگرن. وەهەروەها ئەوانی کە بەڤیزەوە هاتونەتە ناو فەرەنسا یارمەتی قەزائیان هەیە وە دەبێت بە نامە لە سێ،سێ،ئێڕ دوای ئەو یارمەتیە بکەن....

## ئیحسائیە

بەشێوەکی گشتی لە**10%**دواکەرانی پەنابری لە فەرەنسا پێناسەی پەنابەریی وەردەگرن.

بەلام گەر سەیریان بکەین بەجیا بەگوێرەی قەومەکان ئەو ژمارانەش جیاوازن بۆنمونە لەساڵی**2001**ئەفگان**69،5%**،عێراقی**62،1**،ئێرانی**31،9%**پێناسەیان وەرگرتوە لەساڵ**2002**ئەفگان**35،2%**عێراقی**52،2%**ئێرانی**26،8%**

گەر سەیری وولاتەکانی ئەوروپاش زۆر جیاواز نین لە فەرەنسا لەهەندێ وولات قانوونیان گۆڕیوە وئێستە زەحمەتیان کردووە وەک نەمسا،ئینگلتەرا،نەرویژ کەئێستە پەنابەری مووقەت ئەدەن. ئەڵمانیا**7،5%**بەلجیک**11%**نەمسا**20%**ئیسپانیا**10%**فەرەنسا**10%**ئینگلتەرا**12%**ئیرلەندا**16،8%** نەرویژ**2%**بەلام**26،6%**هی مووەقەت وەر دەگرن ئەم ژمارانە هی ساڵی**2002**وە لە ئەورووپا..